# وەزارەتی نەوت ئاماری هەناردەی نەوتی خاو بۆ مانگی شوباتی رابردوو بڵاوکردەوە



وەزارەتی نەوتی عێراق بڵاویکردەوە، هەناردەی نەوتی خاو لە مانگی شوباتی رابردوودا ٩٥ ملیۆن و ١٤٨ هەزار و ١٦٧ بەرمیل بووە.

ئەمە پێنجشەممە ٢٧ـی ئازاری ٢٠٢٥، وەزارەتی نەوتی عێراق رایگەیاند، بەپێی ئامارێکی رێکخراوی بۆ بازارکردنی نەوتی عێراق (سەمە) هەناردەی نەوت لەمانگی رابردوودا ٩٥ ملیۆن و ١٤٨هەزار و ١٦٧ بەرمیل بووە.

لە ئامارەکەدا ئاماژە بۆوە کراوە، کە گشتی بڕی هەناردەکراوی نەوتی خاو بۆ مانگی شوباتی رابردوو لە کەرگۆ نەوتییەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق ٩٤ ملیۆن و ٣٧٥ هەزار و ١٢ بەرمیل بووە، هەناردەکردن بۆ ئوردن بڕی ٤١٩ هەزار و ٨٤٦ بەرمیل بووە و بڕی هەناردەکراوی کەرگەی گەیارە ٣٥٣ هەزار و ٣٠٩ بەرمیل بووە.

ئاوەش لە کاتێکدایە، بڕاورد بە مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵ هەناردەی نەوتی خاو نزیکەی هەشت ملیۆن بەرمیل کەمتربووە.